Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian- Conf-Sajade, 22

# شێوازی دەرکەوتن و پێناسەی ژنان بەپێی مێتۆدی شیکاریی گوتار لە کتێبی ڕشتەی مرواری عەلائەدین سەجادیدا

عوسمان (ئاکام) ئەمینی

زانکۆی پزشکی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئێران

سومەیە کەریمی

زانکۆ کوردستان، ئێران

**Article Info**

Received: May 2022
Accepted : June, 2022
Published :October,2022

**Keywords**

ژن، ڕۆڵی ژنان، ژنانی کورد، ڕشتەی مرواری، عەلائەدین سەجادی، شیکاری گوتار

**Corresponding Author**

osmanamini2013@gmail.com
karimisomayeh082@gmail.com

## پوختە

بەپێی لێکدانەوەکان بەوە دەگەین کە ژنان ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگیان لە کۆمەڵگادا بووە ومشتومڕێکی زۆر وبەردەوام لە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتیی ژنان کراوە. هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەیکە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و شیکاریی لێبێتەوە. لەم وتارەدا دەمانەوێت شێوازی دەرکەوتن و پێناسەی ژنان لە کتێبی ڕشتەی مرواریی عەلائەدین سەجادیدا بەپێی مێتۆدی شیکاریی گوتار لێکبدەینەوە.

شێوازی لێکۆڵینەوەی ئەم وتارە شیکاریی گوتار یان گوتارشیکاریی نۆرمان فایەرکلافە، کە وێچووترین شێوازی لێکۆڵینەوەی ئەم شێوە دەقانەیە. فایەرکلاف سێ ئاستی گوتاریی بۆ شیکاریی دەق دەستنیشان کردووە. کە بریتییە لە: ئاستی وەسفی، ئاستی ڕاڤەیی یا ڕاڤەکارانە و ئاستی تەتەڵە کردن یان تەبیین. ئەم سێ بەشەی ڕشتەی مرواری لە هەر سێ ئاستدا هەڵسەنگێندراوە. کۆی گێڕانەوەکانی کتێبی ڕشتەی مرواری عەلائەدین سەجادی٢٤١٢ گێڕانەوە لەخۆ دەگرێت؛ کە سەردێڕی سێ بەرگیان ناوی ژنانی بەسەرەوەیە و گێڕانەوەکانی تایبەتە بە ژنان. بەرگی یەکەم هەڵگری ٢٠، بەرگی دووهەم هەڵگری ٤ و بەرگی سێهەم هەڵگری ١٦ گێڕانەوەیە. بەمپێیە ٤٠ گێڕانەوە بەشێوەی هەڵبژاردنی کتێبخانەیی تاوتوێ کراوە.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە بەرگی یەکەمدا ژن بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە ١٩ گێڕانەوە ڕۆڵی بەڕێوەبەر و کابانی ماڵ دەگێڕێت و لە یەک دانەیاندا وەک ئاغاژن پێناسە کراوە. لە بەرگی دووهەمدا ژن قارەمانی سەرەکی چوار گێڕانەوەیە و ڕۆڵی خوشک و ژنی زیرەکی ماڵێ دەگێڕێت؛ هەروەها لە بەرگی سێهەمدا لە ١٠گێڕانەوە ناڕاستەوخۆ بەڕێوەبەر و کابانی ماڵێیە و لە ٥ دانەشیان ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەر و ڕۆڵی کابانی ماڵێ پێدەدا و لە یەکێکیشیاندا وەک ئاغاژن ناوبراوە.

بەگشتی ژنان لەم گێڕانەوانەدا وەک مرۆڤێکی زۆرزان، عەیار و بەمەکر دەرکەوتوون کە

ئەگەرچی زۆرینەیان ژنانی ئاساین و پلەوپایەیێکی کۆمەڵایەتیی بەرزیان نییە بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەوڵی سەرخستنی دۆزی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیان دەدەن. لەزۆربەی گێڕانەوەکاندا ژنان هەبوونی سەربەخۆیان لە ناو دەقەکاندا هەیە و بینەری گوتار و ئاخاوتنی ژنانەیین.

## پێشەکی:

ژن لە ئەوێستا و زمانی سانسکریت بە واتای«ریتە سییە بانو» یا «ئاشە بانو» دێت، ئەمڕۆکە وشەی یەکەم لە زمانی فارسیدا سڕدراوەتەوە و تەنیا بانو ماوەتەوە کە ئەویش مانای ڕووناکی و گەشاوەیی دەدات(اقبالی، ۱۳۸۷: ل۲۹). مارکسیستەکان دەڵێن ژنان هەرگیز لە سەرەتای مێژووەوە زوڵم لێکراو و ژێر دەست نەبوون و لە نێوان خێڵە کۆچەرییەکان شان بە شانی پیاوان و لە یەک ڕیزدا بوون. ڕووخانی پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان هاوکات بوو لەگەڵ ڕووخانی پێگەی دایک سالاری و پاش ئەوە باوک سالاری و خاوەنایەتی خۆیان دەرخست. مێژوو بۆمان دەردەخات کە یەکەمین و بنەڕەتیترین هۆکاری سەرکەوتنی پیاوان بە سەر ژناندا خاوەنایەتیە. خاوەندارێتی بووە هۆی ئەوەیکە ژن و منداڵ وەک ژێر دەستێک لە خزمەت پیاواندا بن. کۆکردنەوە و دابین کردنی خواردەمەنییەکان و ڕاو کردن جێگەی خۆی بە بەرهەمهێنانەکی خێراتر بەناوی کشتوکاڵ، پاشکەوت کردن و پیشەگەلەکی شاری دا. پاشان کارەکانیان ل ە نێوان دوو ڕەگەزدا دابەش کرد. چونکە پیاوان ڕاستەوخۆ کاری کشتوکاڵ و ئاوداشتنیان بە دەستەوە گرت و پاش ئەوە وردە وردە بەهۆی پێگە کۆمەڵایەتییەکان وەک خاوەنایەتی، سامان و داهاتێکی زۆر بە پیاوان درا، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەیکە  پیاوان حکومەت بە دەستەوە بگرن. لە هەمبەردا ژنانیش بۆ ئەوەیکە خزمەتی پیاوان و بنەماڵەکانیان بکەن لە چوارچێوەی ماڵدا گیرسانەوە(انگلس، ۱۳۸۱: ل.۳۵تا ٤٥) .

لە سەردەمانێک کە لەوانەیە بۆ نزیکەی یەک ملیۆن ساڵ لەوە پێش بگەڕێتەوە، ژنەکان لەگەڵ پیاوان لە یەک ئاستدا بوون و بگرە ڕێزێکی زیاتریشیان هەبوو. خەڵکی عەرەب و هەندێک ناوچەی دیکەی جیهان لە سەر ئەو بڕوایەن، حەوا یەکەمین ژنێک بوو کە پێی لە سەر زەوی دانا. هەروەها بە پێی لێکۆڵینەوە مێژوویەکان بەوە دەگەین کە یەکەمین خوداکان بە گشتی ژن بوون و لە میسر و سەردەمی فێرعۆنەکان دەسەڵاتیان پێ بوو و لە دانانی چارەنووسی مرۆڤەکان لەگەڵ خودا پیاوەکاندا هاریکارییان دەکرد(مرادی، فروتن- ل،۱۷۱-). لە ۱۰ تا ٥٠ هەزار ساڵ پێش زایین، ژنان لە بنەماڵەدا بەرپرسی دروست کردنی خواردەمەنی بوون و بنەماڵەیان بەشێوازی دایک سالاری بەڕێوە دەبرد بەپێی ئەمە ئاستی ژنان بەرزتر لە پیاوان بوو(زەبیح نیا، بوردخونی، ۱۳۹۲: ل ۳).

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، وردە وردە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگا گۆڕانی بە سەرداهات. بۆ نمونە ئەفلاتوون هەموو ڕۆژێک لە بەر هەشت هۆکار، سپاسگوزاری خودای کردووە کە یەکێک لەو هۆکارانە ئەوە بووە کە خودا ئەوی لە ڕەگەزی پیاو دروست کردووە نەک ژن. هەروەها پیاوە جوولەکەکانیش بەم شێوەیە دۆعا و نزا دەکەن و دەڵێن:«خودایە تۆ دەپەرەستین. سەرۆک و ئاغای ئێمە و خاوەنی هەموو جیهان! بۆ ئەوەیکە ئێمەت وەک ژن نەخولقاندووە»( اگوست، ۱۳۸٦: ل٥).

شارل فوریە Charles Fourier - بیرداڕێژێکی کۆمەڵناسی فەڕەنسی، یەکەم کەسێک بوو کە بارودۆخی ژنانی کۆمەڵگای وەک بنەڕەتیترین پێوەر بۆ گەشەی کۆمەڵگا لە بەرچاو گرت و باسی کرد. شارل لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە هەتا ژن لە کۆمەڵگادا سەربەخۆتر بێت، ئەو کۆمەڵگایە زیاتر گەشە دەکات. بە گشتی دەتوانین بڵێین بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگادا تا پێش سەرهەڵدانی شتێک بەناوی کۆمەڵگای پیاوسالاری باش بوو. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ: ئەگەرچی ژنان لە ٦ هەزار ساڵ لەوە پێش لە ژێرچاودێری پیاوان بوون، بەڵام لەوبەرەوە زیاتر لە ۱۰۰هەزار ساڵ، لەگەڵ پیاوان بەرابەر و هاوسەنگ بوون( سوزان مولر آکین،۱۳۹۷: ل ۱٥-  ستودە، ۲۰۰۸: ل ۳۲٦).

لە سەردەمانی ڕابردوو ژن لە هەمبەر پیاواندا لە کاروباری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی نادیار و کاڵی هەبوو، چونکە چالاکییەکانی زیاتر لە بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵێدا بوو و سەرقاڵی پەروەردەی منداڵ بوو، بۆیە زۆر وەبەرچاو نەدەهات. هەروەها یەکێک لە نووسەران و ڕەخنەگرانی ژنان بە ناوی ویرجینیا وۆڵف Virginia Woolf - لە وتارێک بە ناوی «پیشەگەلێک بۆ ژنان - حرفەهایی برای زنان» باس لە ئایدۆلۆژیای ژنانەیی دەکات و دەڵێت: ئایدۆلۆژیایە کە ژنان وەکوو کەسایەتییەکی لە سەرەخۆ، گیان فیدا و فریشتە دەناسێنێت؛ بۆ ئەوەیکە ئەم وشانە کاریگەری لە سەر دابنێت، لەسەرەخۆ بێت و ڕۆڵێکی گرنگ پێنەبەخشرێت و کەمتر لە کۆمەلگادا خۆی دەربخات، کە ئەمەش بەرهەمی کۆمەڵگای پیاوسالارییە(خراسانی،۱۳۸۰: ل ٤۷). ئایدۆلۆژیا لە قۆناغە سەرەتاکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی سەرەکی لە بازنە و چواچێوەی ژندا خولاوەتەوە و مۆرکی ژنی پێوە بووە. هەروەها ژنان نیوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێک دێنن و بە پێی سروشت و ئەو تواناییانەی کە هەیانە بە ژیان و کۆمەڵگا مانا دەبەخشن. بەڵام لە درێژایی مێژوودا گۆڕانێکی زۆر بە سەر ڕۆڵی ژنان، لە کۆمەڵگادا هاتووە(نۆجەلان، ۲۰۰۳: ل۱- ڕەفیعی، دەباغی، ۱۳۹۳: ل۲۳).

بەهۆی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسە، هەروەها شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا هاواری سەربەخۆیی و دیمۆکراسی چوار قورنەی ئەورووپای گرت. ئەم بیروبۆچوونی سەربەخۆییە لە ڕێگای گۆڤار، ڕۆژنامە، گەشتیاران و تاجرەکان گەیشتە وڵاتی ئێرانیش. بەناوبانگترین نمونەی یەکسانی ژن و پیاو لە ئێرانی کۆن ئەوە بوو کە کچ پاش باوکی دەیتوانی بە پێگەی پاشایی بگات و حکومەت بکات. دواهەمین پاشای مادەکان(٦۷۸پ.ز) کە ناوی ئاستیاک بوو کوڕی نەبوو تاقە کچێکی بوو بە ناوی ماندانا. مانداناش دایکی کوروش بوو و بەشێوەیەک کوڕەکەی(کوروش) پەروەردە کرد کە بە پێگەیەکی بەرز بگات. ماندانا بۆ تازە لاوەکانی ئێرانی قوتابخانەی ڕێکخست و تیرهاوێژی و ئەسپ سواری فێر دەکردن(اقبالی،۱۳۸۷: ل ۲۹).

هەروەها ژنانی ئێرانی لە ڕێگای ئاشنایی لەگەڵ فەرهەنگی ئەورووپییەکان، بزووتنەوە فکرییەکان، کرانەوەی قوتابخانە نوێیەکان و ڕۆژنامەکان لەگەڵ چەمکێک بەناوی سەربەخۆیی و یەکسانی ئاشنا بوون. گەر ڕوونتر باسی مەشرووتە لە ئێراندا بکرێت، دەڵێن سەدەی ۱۹ بە هۆی گەشەی شۆڕشی پیشەسازییەوە، کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا هات. لەو سەردەمەدا بە یارمەتی ژنان و پیاوانی ڕووناکبیر درگای هەندێک لە قوتابخانەکان بۆ پەروەردەی ژنان کراوە. لەوبەرەوە ڕۆژنامەکان کە دوا بەدوای مەشرووتە هاتنە وڵات، کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر هۆشیاری و بەخۆداهاتنەوەی ژنان دانا. پاشان کارکردن بە دەست، جێی خۆی بە ماشین¬کاری دەدات و لە ئاکامدا هێزی جەستەیی کە ببووە هۆی جیاوازی نێوان ژن و پیاو، لە ناو دەچێت و ژنان شان بە شانی پیاوان لە کارخانەکان کار دەکەن و دێنە

**نێو گۆڕەپانی کۆمەڵگا. ئەم بارودۆخە تەنانەت کاریگەری لە سەر شارستانییەتیش دادەنێت و دەبێتە هۆی ئەوەیکە خەڵکێکی زۆر روو لە شار بکەن و شارنشینی پەرەی پێبدرێت و بیروهزری خەڵکیش کراوەتر بێت(ایلیسە، ١٣٧٩: ل ٣٠؛ ناهید،١٣٦٠: ل ٢٩،٦).**

**ئەگەرچی گرنگیدان بە مێژووی ژن لە بنەڕەتدا لە ئەوروپا بۆ حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە؛ بەڵام بە پێی لێکدانەوەکانی مەنگوڕی[1] مێژووی ژن دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی خوداوەندەکانی یۆنان و ئاماژە بە هیرو کچە شۆخی یۆنانی دەکات. هەروەها کریشنا لەلای هیندوستان بە خوداوەندی خۆشەویستی ناوبراوە، چونکە لە ئایینی هیندوستان ژن پێگەی پەرستنی هەیە و پێیدەڵێن مەدرەسەی موقەدەس(ئەسعەد،٢٠٢١: ل ١١٠، ٩٦).**

**لەمەڕ ژنان زۆر پەرتووک و وتار نووسراوە (سەد ژنی کاریگەر لە مێژوودا، نووسینی شێلی ئێلێری)(شێلی ئێلێری، ٢٠٠٧). ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوادا، سۆزان مۆلێر ئۆکێن(ئۆکێن، ٢٠٠٨) ژن لە جیهانی ئەدەبی شێرزاد حەسەندا، هاوژین حەمە ڕەشید،(حەمەڕەشید،٢٠١٠). شاهندە، نوشین(١٣٨٢)، زن در تفکر نیچە، تهران. نشر قصیدەسرا. ترجمە. ملیحە مغازەای- مرنیسی، فاطمە(١٣٨٠). زنان پردەنشین و نخبگان جوشن پوش، (شاهندە، ). جنس دوم، دوبوار، سیمین(١٣٨٢). لحظەی صعود توانمندسازی زنان چگونە دنیا را متحول میکنند، گیتس، ملیندا(١٣٩٩) ) و باس و خواسێکی فراوانیش لەمەڕ پلەوپێگەی ژن لە مێژووی کورددا هاتووتە ئاراوە. چەند نووسەری کورد و بیانیش لێکۆڵینەوەیان پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. یەکێ لەو نووسەرە کوردانەی کە بایەخی بە ڕۆڵی ژنان داوە و بەشێک لە سێ بەرگ لە هەشت بەرگی کتێبی ڕشتەی مرواریی بۆ ژنان تەرخان کردووە عەلائەدین سەجادییە. بەم پێیە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سەر پێگە و ڕۆڵی ژن لە ڕشتەی مرواریی عەلائەدین سەجادی نەکراوە.(ئەگەریش لێکۆڵینەوەیەک کرا بێت زۆر کەم و نادیارە) ئەم وتارە دەیەوێ شێوازی دەرکەوتن و پێناسەی ژنان لە کتێبی ڕشتەی مرواریی عەلائەدین سەجادی بەپێی مێتۆدی شیکاریی گوتار لێکبداتەوە.**

## شێوازی لێکۆڵینەوە

دەستە واژەی دیسکۆرس یان گوتار هەوەڵ جار لە ساڵی ١٩٥٢ لەلایەن زێلگ هێریسەوە Zellig Harris - داهێنرا(بهرام‌پور،١٣٧٩: ٨). دەگوترێ مێژووی ئەم چەمکە لە هەندێ سەرچاوەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٤ی میلادی کە لە وشەی فەرانسەیی «Discourse» و لاتینیی «Discourses» بە مانای وتووێژ، قسەی زارەکیی و گوتار دێت کە ئەویش لە وشەی «Discursum- Discurrer»یانی بەلارێدابردن، دان پێدا نەهێنان، وەدرەنگ خستن و ... وەرگیراوە(بشیر،١٣٨٥:٩).

شیکاریی گوتار Analysis of discourse - یان گوتار شیکاری لە مانا گشتییەکەیدا بە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە دەکوترێت کە لە زمانی نووسین، زمانی قسە پێکردن یان هێما و هەر چەشنە دیاردەیەکی نیشانەناسی دەکۆڵێتەوە و دەیخاتە بەردەم لێکدانەوە و شیکردنەوە؛ و ئەو مانایەی کە بۆ ئەم ڕەوتە لێکەوتنەوەیە دەستنیشان دەکرێت، دەقی نووسراو، وتراو، گێڕانەوەن کە بە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆر لە میانەی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا بیچمیان گرتووە و خوڵقاون. ئەم مێتۆدە لە زانستی زمانناسی زۆر نزیکە بەڵام هەندێک جیاوازییان هەیە. بۆ وێنە: مێتۆدی گوتار شیکاری بەجێی ئەوەیکە باس لە سەر پێکهاتە و ساختاری دەق بکات( وەک زانستی زمانناسی)، تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ڕەوان ناسیەکانی تاک و کۆمەڵگا شی-دەکاتەوە و لەسەریان دەدوێت(فرکلاف، ١٣٧٩: ١٩)

شێوازی گوتار شیکاری لە نێوان سەدەی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ بەهۆی گۆڕانکارییە زانستی و مەعریفییەکان هاتە ئاراوە. ئەم ڕەوتە لێکۆڵینەوەیە بە هۆی تێکەڵاویی لەگەڵ زانستی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ڕەوانناسی وەک ناوەند و خاڵی پێکگەیشتنی ئەم زانستانە، ڕۆڵێکی نێوەندگیری بووە و درگای زۆر ڕشتەی زانستی لە سەر پشت کردۆتەوە و بەخێراییەکی سەیر وەک مێتۆدێکی لێکۆڵینەوەی ئاکادمیک خۆی ناساندووە(یورگنسن و فیلیپس، ١٣٩٤: ١١١).

گوتار شیکاریی ڕەخنەگرانە - Critical Discourse Analysis لەلایەن نۆرمەن فەیرکڵاف - Norman FairCloagh کە زمان-ناسێکی ئینگلیسی بووە، هاتووەتە نێو بازنەی مێتۆدەکانی لێکۆڵینەوە. بە بڕوای فەیرکڵاف هەر دەقێک لە پێوەندی لەگەڵ تۆرێک لە دەقەکانی-تر و لە پێوەندی لەگەڵ بەستێنە کۆمەڵایەتییەکاندا دەناسێندرێ. مەبەستی سەرەکیی گوتار شیکاریی ڕەخنەگرانە، پراکتیسە گوتاری و زمانییەکانن کە هەم وینایەک لە جیهان، ئوبژە کۆمەڵایەتی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو و هەمیش لە بەرەوپێش چوونی بەرژەوەندیی گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵ دەگێڕێت. ئەو شێوازە لە لێکۆڵینەوەی کەیفی سێ ئاستی گێڕانەوە لەخۆ دەگرێت کە بریتییە لە: ئاستی وەسفی، ئاستی ڕاڤەیی یا ڕاڤەکارانە(تەفسیر) و ئاستی تەتەڵە کردن یان تەبیین(فراکلف، ١٣٧٩). لە گوتار شیکاریی ڕەخنەگرانەی فەیرکڵافدا، ئاستی تەوسیفی وەپێش ئاستی ڕاڤەیی و تەبیین (تەتەڵە کردن) دەکەوێ(آقا گل-زادە، ١٣٨٩). لەم ئاستەدا سەرنج دەدرێتە سەر تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکانی دەق کە پێکهاتوون لە وشە، دەستە وشە، چەمک و ڕستە کە کۆمەڵێک مانا بە دەق دەبەخشن و لە زەرفی زەمان و مەکاندا لایەنە شاراوەکانی دەق دەخەنە ڕوو. بەڵام تەنیا لە ڕێی تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکانەوە ناتوانین پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا بکەین(آقاگل-زادە، ١٣٨٥: میرفخرایی، ١٣٨٣). بەڵکوو دەبێت دەق لە ئاستی ڕاڤەیی و تەتەڵە کردنیشدا هەڵسەنگێندرێت. بە پێیئەمە سێ بەرگی ڕشتەی مرواری کە تایبەتە بە ژنان لە هەر سێ ئاستدا هەڵسەنگێندراوە.

## سەبارەت بە عەلائەدین سەجادیی نووسەر

ناوی تەواوی (عەلائەدین نەجمەدین عیسامەدین)ە و لەبنەماڵەی ناوداری (سجادی)یە، سەر بە سەیدەکانی (کەلجی)یە و لە ساڵی ١٩٠٧زایینی لەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. بە دوای خوێندنێ زۆرێک

[1] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی نەک تەنها بە سەرمەشقی نووسەرانی کورد دادەنرێت، بەڵکوو دەستپێشخەریەکی بەرچاوی کردووە و ئەگەر یەکەم کەس نەبێت، ئەوە لەو کەسە سەرەتاییانەیە کە بایەخدانەکانی بە مێژووی ژن بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. لە ناو نووسەرانی کورددا کەمترین ئاماژە بە ڕۆڵی مێژووی ژن کراوە و بە یەکێک لە کایە مێژووییە فەرامۆشکراوەکان لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دادەنرێت.

لەناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان گەڕاوە. ساڵی(١٩٢٧)هاتووەتە شاری سلێمانی و لەمزگەوتی شێخ جەلال و مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسوڵ بووە بە فەقێ، ساڵی (١٩٣٨) مۆڵەتی مەلایەتی لای مامۆستا شێخ بابەعەلی تەکیەیی وەرگرتووەو چووە بۆ بەغداو لەمزگەوتی نەعیمە خاتوون لەمەیدان بووە بەپێش‌نوێژ و وتارخوێن. لەبەغدایش لای مامۆستایان شێخ ئەمجەد زەهاوی و شێخ محەمەد قزڵجی بەهەندێ لەزانستە ئیسلامییەکاندا چووەتەوە، لەساڵی (١٩٣٩) دا چووەتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسی و لەساڵی (١٩٤١)دا بووە بە بەڕێوەبەری گۆڤاری (گەلاوێژ) و وردە وردە گەشەی پێکردووە تا داخستنی لە (١٩٤٩)دا. لەساڵی (١٩٤٨) دا دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کانون، گۆڤاری (نزار)ی بەعەرەبی و کوردی دەرکردووە کە گۆڤارێکی نیشتمان‌پەروەری سیاسی بووە. پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزو تا ساڵی (١٩٧٤) لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا مامۆستای ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی بووە، هەر لەساڵی (١٩٧٤) دا کراوە بە ئەمینداری گشتی ئەوقاف و بۆ ماوەی ٣ ساڵ لەو کارەدا ماوەتەوە، ساڵانی دواتری بەخانەنشینی و خزمەتی ئەدەبەوە بەرێ¬کردووە. لە ١٩٨٤/١٢/١٣ کۆچی دوایی کردووە و لەگۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەشاری بەغدا لەنزیک شێخ عەبدوڕەحمان ئەبولوافی نەقشبەندی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەخاک سپێردراوە.

بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردیی بەغدا هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی بڵێسەی شۆڕش لە کوردستان کاریان لە سەر بیروهزری عەلائەدین سەجادی کردووە. ئەم هەوێنە بۆتە هۆی ئەوەی چل ساڵ پتر ژیانی خۆی لەپێناوی زیندوو کردنەوەی کەلەپوور و نوسینەوەی مێژووی ئەدەبدا تەرخان¬ بکات. دوای داخستنی گۆڤاری (گەلاوێژ) و (نزار)،مامۆستا دەستی دایە کتێب نوسین[٢] ، ئەوەبوو لەساڵی (١٩٥٢) دا مێژووی ئەدەبی کوردی بەقەوارەی (٦٥٢) لاپەڕەی بڵاو بووەوە. بەدرێژایی سی و پێنج ساڵ کە ئیمامی مزگەوت بووە، هەموو ڕۆژێک نێوان نوێژانی مەغریب و عیشا لەمزگەوتە بچکۆلانەکەیدا ئەدیب و ڕۆشنبیر و ناسیاوانی لەدەوری کۆ ئەبوونەوە و دەست ئەکرا بەگفتوگۆ و نوکتە و قسەی خۆش. بویە ئەو هەلەی لەدەس نەداوە و ئەو قسە خۆش و نەستەقانەی کە بەدڵی بوویێت تۆماری کردوون و سەرلەنوێ دایڕشتوونەتەوە. ئەوەبوو لەساڵی (١٩٥٧)ەوە تا ساڵی (١٩٨٣) هەشت بەرگە کتێبی بەناوی ڕشتەی مرواری لێ چاپکردن(کردی، ماڵپەری عێراق ئەهلمۆنتەدا).

## کتێبی ڕشتەی مرواری

ڕشتەی مرواری کتێبێکی هەشت بەرگییە لە نووسینی عەلائەدین سەجادی لە نێوان ساڵەکانی (١٩٥٧)ەوە تا ساڵی (١٩٨٣) چاپ و بڵاو بووەوە. ئەم کتێبە گەنجینەیەکە پڕ لە قسەی نەستەق، پەند، گەپ و ئاوێنەیەکە لە فەلسەفە و بیروباوەڕی کوردی و ڕوودا و کارەساتی مێژوویی. نووسەر لە سەرەتای بەرگی یەکەم هۆکاری نوسینی کتێبەکەی باس کردووە. لەسەرەتای بەرگەکانی دیکەدا باسی ئەو ئاستەنگانەی کردووە کە لەڕێی چاپکردنی کتێبەکە هاتوونەتە ڕێگەی(سەجادی، ١٣٩٦). کتێبی ڕشتەی مرواری پڕفرۆشترین کتێبە کوردییەکانی نۆهەمین پیشانگای نێودەوڵەتی کتێبی کوردستان بووە .

بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەم کتێبە چەندین چاپی کۆن و نوێی ڕشتەی مرواریمان لەبەردەستدا بوو. بە هۆی ئەوەی چاپی یەکەمی (٢٠١٧-١٣٩٦)ی بڵاوکراوەی کوردستان لە سنە[٣] لە هەمووان تەواوتر بوو و کەم و کەسرییەکی تێدا نەبوو و هەروەها گرینگتر لەمانەش داستانەکانی بە پێی ئەژمار دیاری کردبوو کە خوێنەر بتوانێ وەک ڕێفرێنسێک کەڵکیان لێوەرگرێت و بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەریان، ئەوەمان بۆ لێکۆڵینەوە هەڵبژارد. ئەم تایبەتمەندییە لە چاپەکانی پێشوودا نەبوو. ئەم ٨ بەرگە ٢٤١٢ گێڕانەوە لەخۆ دەگرێت؛ کە لە سێ بەرگیان‌گێڕانەوەکان تایبەت بە ژنانە و باسی ژنان دەکات. لە بەرگی یەکەم و پێنجەمدا لە ژێر ناوی (هەندێک لە داستانی ژن) و لە بەرگی دووهەمدا لە ژێر ناوی (هەندێک لە قارەمانێتی ژن) هاتوون. بەرگی یەکەم (لاپەڕەی ١٢٨ هەتا ١٦٤) هەڵگری ٢٠، بەرگی دووهەم(لاپەڕەی ٢٨٠ هەتا ٣٠٧) هەڵگری ٤ و بەرگی سێهەم (لاپەڕەی ١٢٨ هەتا ١٦٤) هەڵگری ١٦ گێڕانەوەیە. بەم‌پێیە ٤٠ گێڕانەوە بەشێوەی هەڵبژاردنی کتێبخانەیی تاوتوێ کراوە. پێویستە بگوترێ جگە لەمانەی بۆ لێکۆڵینەوە هەڵبژێردراون، کتێبەکە چەندین گێڕانەوەی‌تری لەمەڕ ژنان تێدایە بەڵام لەم وتارەدا تەنیا ئەو سێ بەرگە کە ڕاستەوخۆ دۆخی ژنان باس دەکات، لەبەر چاو گیراون.

## دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە

### ئاستی وەسفی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوازی گوتار شیکاریی ڕۆڵ و پێگەی ژنانی کورد لە کتێبی ڕشتەی مرواریی عەلائەدین سەجادی لێکداوەتەوە. ئەم دەرئەنجامانە لە سەر ئاستی وەسفی دەرکەوتوون:

لە بەرگی یەکەمدا کە نوسەر بەناوی «هەندێ لە داستانی ژن» ناوی دەبات؛ ٢٠ دانە داستانی هێناوەتەوە کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە ١٩ داستاندا ڕۆڵی بەڕێوەبەر و کابانی ماڵێی بە ژنان داوە( لە هێڵکاری ژمارە ١ نموونەمان بۆ هێناوەتەوە)؛ جگە لە یەکدانە لە داستانەکان کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ ژنەکە بە ئاغاژن ناو دەبات( هێڵکاری ژمارە٣).

بۆ نموونە: «کابرا پاش ئەو نەهامەتییەی بەسەریدا هات، تۆپەڵێ قوڕی دا بە سەریا و لە کۆلانێکا دەستی کرد بە گریان هەتا ئێوارە. ئێوارە ماڵێکی گەورە بەرانبەری بوو، کارەکەرێک هات وتی: کابرا وەرە ئاغاژنم بانگت ئەکا. کابرا

---

[٢] بەرهەمەکانی عەلائەدین سەجادی بریتین لە (مێژووی ئەدەبی کوردی، (١٩٥٢) و (چاپی دووەم ١٩٧١)، ناوی کوردی، (١٩٥٣)، ڕشتەی مرواری، هەشت بەرگ، (١٩٥٧)، گەشتێک لەکوردستاندا، (١٩٥٦)، شۆڕشەکانی کورد (١٩٥٩)، هەمیشە بەهار (١٩٦٠)، دەستوورو فەرهەنگی زمانی کوردی، (١٩٦١)، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، (١٩٦٨)، نرخ شناسی، (١٩٧٠)، دوو چامەکەی نالی و سالم، (١٩٧٣)، کوردەواری، (١٩٧٤)، دەقەکانی ئەدەبی کوردی (١٩٧٨)، خۆشخوانی، (١٩٧٨)، ناميلکە: بەناوی (یادی پیرەمێرد)ەوە لەساڵی(١٩٥١) دەری کردووە، کە (١١٢) لاپەڕەیە. ناميلکە: بەناوی (یادی کۆچی محەمەد ئەمین زەکی)ەوە، لەساڵی (١٩٤٨)دا دەری کردووە کە (٨٠) لاپەڕەیە).

[٣] سەجادی، عەلائەدین (١٣٩٦). رشتەی مرواری. پێداچوونەوە و هەڵەبژێری (تصحیح) ناسیح فەتاحی و عەبدەڵلا فاتیحی کەرجۆ. سنە. بڵاوکراوەی کوردستان. ١٢١٦ لاپەڕە.

وتی: ئینجا نۆرەی ئاغاژنی تۆیە، ئیتر چیم پێماوە؟»هەر وەک دەبینن لەم نمونەیەدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕۆڵی ئاغاژنی بە ژن داوە(هێڵکاری ژمارە٣).

لە نمونەکانی دیکەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵێکی تایبەتی بە ژنانی کۆمەڵگا نەداوە و هەروەها ژن هەم بەشێوەیەکی شاراوە حوکم و چوارچێوەی ماڵێ بەدەستەوە گرتووە هەمیش بەشێوەی کەسایەتییەکی عەیار، مەکرباز و زۆرزان دەردەکەوێت(هێڵکاری ژمارە٢).

بۆ نمونە لێرەدا ئاماژە بەو چیرۆکانەی بەرگی یەک دەکەین کە بەشێوەی شاراوە ڕۆڵی بەڕێوەبەر و کابانی ماڵێ بە ژن داوە و چەند ڕستەیێکیشیان وەک نمونە و بەڵگە باس دەکەین.

٣-١ -هێڵکاریی ژمارە١: دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە لە بەرگی یەکەم

| ئەژمار | ژمارەی چیرۆک | ڕۆڵ | شێوازی دەرکەوتن | | ئاماژەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕاستەوخۆ | شاراوە | چەند وێنە |
| ١ | -١٩١-١٩٠-١٨٩<br>-١٩٥-١٩٤-١٩٢<br>-١٩٨-١٩٧-١٩٦<br>-٢٠١-٢٠٠-١٩٩<br>-٢٠٤-٢٠٣-٢٠٢<br>-٢٠٧-٢٠٦-٢٠٥<br>٢٠٩<br>٤٥٦<br>جیرۆکی بەسێ | بەڕێوەبەر<br>کابانی ماڵ<br>خوشک | | ● | ١٩٥ -ئەرێ برا! تۆ لە ماڵەوە لەگەڵ ژنەکەت چۆنی؟ وتی: بەخوا برا کوشتوومی.(هێندەی شت پێ دەدات بیبا بیفرۆشێت)<br>١٩٧ -دوو پیرەژن بوون بە کچێنی زۆر ناشیرین بوون، کەس نەیدەخواستن. ڕۆژێ وتیان خۆ ئێمە لە دونیادا لەزەتمان لە خۆمان نەدی کەواتە با پێکەوە خانوێک بگرین. هەردووکمان دەست ڕەنگین، دروومان ئەکەین و تا ماوین بۆ خۆمان بەم جۆرە ڕائەبوێرین<br>١٩٩ -کابرایێک دوو ژنی هەبوو؛ یەکێکیان سەرەو یەکێکیان جەهێڵ. پیرەژنەکە هەر ڕۆژێ بوختانێکی بۆ ژنە جەهێڵە هەڵئەبەست؛ کابرا هیچ گوێی نەئەدایە<br>٢٠١ -ڕۆژێک کابرایەکی زەبەلاح هاتە لای بێوەژنە کوردێک وتی: بیستوومە تۆ مێردت نییە، منیش بێ کەیبانووم، ئەگەر شووم پێئەکەی ئەتخوازم.<br>٢٠٦ -کابرایەکی پەرەکەر خوشکێکی عازەبی دەبێ خوشکەکەی دەڵێ... |

٣-٢- هێڵکاریی ژمارە ٢: دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە لە بەرگی یەکەم

| ئەژمار | ژمارەی چیرۆک | ڕۆڵ | شێوازی دەرکەوتن | | ئاماژەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕاستەوخۆ | شاراوە | چەند وێنە |
| ١ | -١٩٢-١٩١-١٩٠<br>-١٩٦-١٩٤-١٩٣<br>-٢٠١-١٩٩-١٩٨<br>٢٠٩-٢٠٧-٢٠٢ | کەسایەتییەکی<br>زۆرزان و عەیار | ● | | ١٩٠ -کورە دەستی دایە پەلی هەڵیستێنێ، پیرێژن ئەیوت: ئای هەتیوا قۆڵم ڕامەکێشە چاوم خێل ئەبێ.<br>٢٠١ -بێوەژنە کوردێک هەبوو زۆر فێڵباز بوو؛ چوار پێنج شووی کردبوو.<br>٢٠٧ -ڕۆڵە لە ئیمڕۆژەوە تا پێنج ڕۆژیتر پووری خۆت ئەو ئافرەتەت بۆ دێنێتە ماڵی خۆی.<br>٢٠٩- مەلا وتی: تۆبە، شەرت بێ بە شەرتی پیاوان ئیتر جارێکیتر باسی ژن نەکەم؛ خۆیان و مەکریان بە گەرووی ئاشا چن. |

٣-٣- هێڵکاریی ژمارە٣: دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە لە بەرگی یەکەم

| ئەژمار | ژمارەی چیرۆک | ڕۆڵ | شێوازی دەرکەوتن | | ئاماژەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕاستەوخۆ | شاراوە | چەند وێنە |
| ١ | ١٩٣ | ئاغاژن | ● | | ماڵێکی گەورەی بەرانبەر بوو، کارەکەر هات و وتی: کابرا وەرە ئاغاژنم بانگت ئەکا. کابرا وتی: ئینجا نۆرەی ئاغاژنی تۆیە. |

له بەرگی دووهەمدا کە نووسەر بە« هەندێ لە قارەمانی ژن» ناوی هێناوە؛ چوار داستان دەگێڕێتەوە کە لە هەر چوار داستانەکە ژن قارەمانی سەرەکییە و ڕۆڵەکانیشی زۆرتر یا وەک خوشک ناویان دەبات یا وەک ژنێکی زیرەکی ماڵێ(هێڵکاری ژمارە٤).

٣-٤ -هێڵکاریی ژمارە ٤: دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە لە بەرگی دووهەم

| ئەژمار | ژمارەی چیرۆک | ڕۆڵ | شێوازی دەرکەوتن | | ئاماژەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕاستەوخۆ | شاراوە | چەند وێنە |
| ١ | ٤٥٦- ٤٥٧- ٤٥٨- ٤٥٩ | قارەمانی سەرەکیی چیرۆک | ● | | ٤٥٦ -وڵات ڕزگاریبوو لە جانەوەریەتی ئەو جانەوەرە بە هۆی باهۆی مەردانەی فاتەی قارەمانەوە.<br>چیرۆکی بەسێ[٤] - بەسێ منداڵ ئەبێتەوە؛ بەڵام ئەم قارەمانییە بەتایبەتەی تۆ سەری هەموو ئافرەتێکی بەرز کردەوە لایەقی بە قارەمانی ئافرەتان.<br>٤٥٨- بە هۆی ژیری ئەم ژنەوە هەم مێردەکەی کەوتە دنیایەکیترەوە هەم پادشایش‌کەوتە عالەمێکیترەوە |

[٤] لە موکریان (باژێری بۆکان، مهاباد، سەقز،بانە، سەرداشتت، پیرانشار و شنۆ) ئەو چیرۆکە بە چیرۆکی ئەشکەوتی گەوەر(گەوهەر) ناسراوە. هەم بە شێوەی زارەکی هەکایەت خوانان دەیگێڕنەوە، هەمیش بە شیوەی بەیت. هەر لە سەر ئەم ڕووداوە راستەقینەیە، بەفرین شەرەفکەندی ڕۆمانی «ئەشکەوتی گەوەرێ» لە ١٤٩ لاپەڕەدا رەوانەی بازار کراوە.

هەروەها لە بەرگی پێنجدا کە نووسەر بە ناوی» هەندێک لە داستانی ژن« ناوی هێناوە؛ لەم بەشەشدا ١٦ داستان دەگێڕێتەوە کە لە ١٠ دانەیاندا ناڕاستەوخۆ وەک خێزانی ماڵێ ناویان دەبات و لە یەک داستانیشدا وەک ژنە ئاغایێک ناوی ژن دەهێنێت(هێڵکاری ژمارە٦،٥)، هەروەها لە هێڵکاری ژمارە حەوتیشدا دیسانەوە هەر بە ناوی کەسایەتییەکی زۆرزان، بە مەکر و عەیار دەرکەوتوون.

٣-٥ -هێڵکاریی ژمارە٥: دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە لە بەرگی پێنجەم

| ئەژمار | ژمارەی چیرۆک | ڕۆڵ | شێوازی دەرکەوتن | | ئاماژەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕاستەوخۆ | شاراوە | چەند وێنە |
| ١ | ١٤٨٧-١٤٨٨-<br>١٤٨٩-١٤٩١-<br>١٤٩٤-١٤٩٦-<br>١٤٩٨-١٤٩٩-<br>١٥٠٠-١٥٠١-١٥٠٢ | بەڕێوەبەر و کابانی ماڵ | ● | | ١٤٨٨ -کابرایەکی ژن مردوو، دوو سێ مناڵ بە سەرا کەوتوو، ئەیویست ژن بێنێ.بەڵام ژنێکی وا بتوانێ مناڵەکانی بۆ بەخێو بکا.<br>١٤٩٩ -ئەوەی ژن دێنێ و ژنی لە ماڵە -- خۆشی نابینێ هەرگیز لەو ماڵە<br>١٥٠٢- ژنێکی بەحەیا و حسمەتیان بۆ هەڵدا و لەگەڵ ئەمەشا زۆر دەست ڕەنگین. |

٣-٦ -هێڵکاریی ژمارە٦: دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە لە بەرگی پێنجەم

| ئەژمار | ژمارەی چیرۆک | ڕۆڵ | شێوازی دەرکەوتن | | ئاماژەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕاستەوخۆ | شاراوە | چەند وێنە |
| ١ | ١٤٩٨ | ئاغاژن | ● | | شێخ هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی کچم بچۆ بە ئاغاژنت بڵێ کە ئاغات هەزار قەرانی لەلای من بە ئەمانەت بۆ داناوە. کچە لە خۆشیا لەوانە بوو پەڕ دەرکا، گەڕایەوە و قسەکەی بە ئاغاژنەکەی وت. |

٣-٧ -هێڵکاریی ژمارە ٧: دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە لە بەرگی پێنجەم

| ئەژمار | ژمارەی چیرۆک | ڕۆڵ | شێوازی دەرکەوتن | | ئاماژەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕاستەوخۆ | شاراوە | چەند وێنە |
| ١ | ١٤٨٧- ١٤٨٨-<br>١٤٩٣-١٤٩٥-<br>١٤٩٦-١٤٩٧-١٥٠٠ | کەسایەتییەکی زۆرزان، عەیار و بەمەکر | ● | | ١٥٠٠ -خەجێ وتی: ئەیەڕۆ پیاوەکە بۆ وا ئەڵێی؟ تۆ پیاوێکی دیندار و خوانا بوویت. خەجێ بەم قسانە وردە وردە پیرانی سارد کردەوە و هێنایە سەر ئەوە کە ئەو دەنگە نهێنییە دەنگێکی ڕاستەقینەی خواییە.<br>خەجێ وتی پیاوەکە یەکەم نیاز و داوات ئەوە بێ کە خوا من گەنج بکاتەوە.<br>١٤٩٦- خەسووەکەشی ئەڵێ: ئەیەڕۆ بەقوربانت بم کەی بە سێ مانگ مناڵ بووە. نۆ مانگ و نۆ ڕۆژی تەواو کردووە. ئەوە تۆ حیسابی مانگەکانت لێ تێکچووە. |

## کات و شوێن

کات و شوێن کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئاستی وەسفییە، زۆر جار گێڕانەوەکان بە ڕوونی باسی کات و شوێنی ڕووداوەکان دەکەن. هەموو چیرۆکێک کات و شوێنێکی تایبەت بەخۆی هەیە؛ تەنیا لە ڕێژەی کاتەکەدا جیاوازن. زۆرجار ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لە یەک کاتژمێر یا ڕۆژێکدا ڕوو دەدەن؛ کەواتە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکدا، کات سەرنجی ڕادەکێشێت و ناتوانین چیرۆکێک بنووسین کە کاتی تێدا نەبێت( عابدی، ١٣٧٧:ل٩٣،٩٤).

بۆ نموونە «لەم ساڵانەدا لە بناری کۆیە کابرایەک هەڵکەوتبوو خورشە کوێریان پێدەکووت»، «لە دێی شەوگێڕ هەر لە بناری کۆیە کچێک هەبوو فاتەی ناو بوو» (گێڕانەوەی ژمارە ٤٥٦، ل ٢٨٠). لە گوندی لەیلان لەو دەشتی دزێیە دنیا شەو بوو، خێوەتمان هەڵدابوو(گێڕانەوەی ژمارە٤٥٧، ل ٢٩٨). لە وڵاتی ئالان... (چیرۆکی بەسێ، ل ٢٨٧).

## پێناسەی کەسایەتی

لقی سەرەکی چیرۆک، کەسایەتییە. بەبێ کەسایەتی، هیچ چیرۆکێک پێک نایێت و ڕووداوێک ڕوو نادات، گەر ڕووداوێکیش ڕوو بدات، کاریگەرییەکی هەستیارانە لە سەر خوێنەر دانانێت(پرین، ١٣٨٠: ل٤٢.٤١- عابدی، ١٣٧٧: ل٦٨). کەسایەتی سەرەکی پێویستە بە شێوەیەک دەربکەوێت کە لەلای خوێنەر بەباشی بناسرێت. چونکە خوێنەر بڕیارە بەپێی ئەو خۆی وێنا بکات یا پێی خۆش بێت وەک ئەو بێت. بەم شێوەیە چیرۆکەکە خوێنەر فریو دەدات بۆ ئەوەیکە بتوانێت کەموکوڕییەکانی خۆی لەبیر بکات. کەواتە هەموو کەسێک دەتوانێت ئەو کارانەی کە تاک لە چیرۆکدا دەیکات، دووپاتەی بکاتەوە و بەڕێوەی ببات، بەڵام بۆ وەسف کردنی کەسایەتییەک، پێویستمان بە لێهاتوویی هەیە(پرین، ١٣٨٠: ل٤٢.٤١- عابدی، ١٣٧٧: ل٦٨). لە چیرۆکدا کەسایەتییەکان بە دوو شێوە خۆیان دەردەخەن کە بریتییە لە:

١-کەسایەتی ڕاستەوخۆ: لێرەدا تایبەتمەندی کەسایەتییەکان لەلایەن وەگێڕ یا کەسایەتییەکانی دیکەی ناو چیرۆکەکە باس و شی دەکرێتەوە؛ واتە لە زمانی کەسێکی دیکە بۆمان دەردەکەوێت کە کێیە و چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە؟(پرین، ١٣٨٠: ل٤٤-٤٥ عابدی، ١٣٧٧: ل ٧٠-٦٧).

نموونە: (٢٠٤) «کابرایەکی کورد ژنێکی ناهەمواری هەبوو بە دەستییەوە هاتبووە تەنگ، وێڵی و بێئەقڵی ئەو ژنە دونیای داگرتبوو. کابرای مێردی بە دەستییەوە تووشی دیق و زیق هاتبوو.»

(٤٥٦)«فاتە گوڵێک بوو لە گوڵی جوانی کە خوا لە گوڵستانی وڵاتی کۆیەدا بە تاقانە دروستی کردبوو؛ کەڵەگەتێکی باڵا بەرز، ڕوومەتێکی پان و سوور و سپی، دوو چاوی گەورەی ڕەشکاری برژانگ درێژ، لووتێکی باریک بە بەینی دوو گۆنا سوورەکەیا هاتبووە خوارەوە».

(٤٥٧)«بەسێ وەکوو ئێستەش دەماودەم ئەگێڕنەوە و جەرگە و بێ ترس و داوێنە پاکەکەی بەسێ وەکوو نموونە پیشان ئەدەن».

(٤٥٨) «تەماشام کرد ئەمە ئافرەتێکەوا بە سەرمەوە بەو جۆرە پەلوپۆی بڕیوم. بەڵام ئافرەتی چی؟ هەتا دەست هەڵبڕی کەڵەگەت، بە دیمەن، هەر باسکێکی ئەڵێی توکمەی داڕژاوە، ڕوومەتێکی پان، چاو و برۆیەکی گەش، جووتێ گۆنای خڕی سوور، جلێکی ئاڵ و واڵای جوانی لە بەرابوو».

(١٤٩٢) «ژن نیوەی ژنە، نیوەی ژانە، نیوەی مێمڵ دۆڵەی نانە».

٢-کەسایەتی ناڕاستەوخۆ: لەم بەشەشدا کەسایەتییەکە بە هەڵسووکەوت و ئاکاری، خۆی بە خوێنەر دەناسێنێت. واتە نووسەر یا وەگێڕ پێناسەی ناکات و خۆی بە کردەوەکانی بە خوێنەر دەناسێنێت(پرین، ١٣٨٠: ل٤٤-٤٥ عابدی، ١٣٧٧: ل ٧٠-٦٧).

نموونە: (١٩٠) «کوڕێکی قومار بازی جەهێڵ پیرێژنێکی حەفتا ساڵی هێنابوو. ڕۆژێک کوڕە داوای ئاوی کرد، پیرێژنە کە تەکانیدا هەڵسێ، نەیئەتوانی. کوڕەکە دەستی دایە پەلی هەڵیستێنێ، پیرێژن ئەیوت:«ئای هەتیو! قۆڵم ڕامەکێشە چاوم خێل دەبێت.»

(١٩٦) «وتی: «پووری! کۆستە و باوەمەردە شاییانە؛ ژن بە ژنیان کردووە. ئەمرۆ چوار ڕۆژە دەهۆڵ و زوڕنا لێئەدەن، هەر چەنەم کرد بیانکەم بە گژ یەکا بۆم نەکرا، لە داخی ئەوە ئەگریم؛ گریان بۆ من باشە». وتی:«ئەی عەمرت نەمێنێ، هەڵسە وەرە لەگەڵم؛ من ئەڵێم برامە، تۆش بڵێ وایە، ئینجا بزانە چی ئەکەم.»

(١٩٩) «پیرێژن وتی: شەرت بێ نیشانت بدەم. سێ چوار ڕۆژی پێچوو، بەیانییەک کە کابرا و ژنەکەی لە هەیوان نوستبوون، پیرەژن بەبێ دەرپێ لە ژوور هاتە دەرەوە، تەماشای کرد نوستوون. هات بە پەلە تەپێ گوی کردە ناو جێگەی ژنەکەی تر».

(١٤٩٧) «ژنە کە ئەمەی بیست وتی هەستە بچۆرە دەرەوە هەی دەست بڕی قیامەت فرۆش! ئەمە بوویت شێخە بەناوبانگە خواناسەکە؟ هەستە بچۆرە دەرەوە بە شەرمەزارییەوە لام دامەنیشە و پارەی تۆیشم ناوێ.«

(١٥٠١) «هەر کە چووە ژوورەوە بە بێ چرپە تاێ لە کەوشەکانی داکەند بۆ ئەوە بیماڵێ بە سەر ژنەکەیا و ئاقڵی بکا. ژنەکەی چاوی پێکەوت لێی شیتان و وتی: کوڕە ئەوە تۆ شێت بووی وا ئەو تاکە کەوشەت داکەند؟ کابرا وتی: نەوەڵا خانم گیان«!

هەر وەک دەبینین ژنان لە هەموو ئەو فاکتانەدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ماکی سەرەکیی داستانەکانیان لە دەستدایە. واتە ئەگەر ڕاوی یان وەگێڕیش ڕووی دەمی لە ژنان نەبێت دیسانیش بە شێوەی شاراوە خۆیان هەر دەردەخەن. ئەگەرچی باسی کەسایەتی لە کورتە داستان و بەسەرهاتی کوردیدا زۆر جێی سەرنج و مانۆڕدان نییە و نووسەر ناتوانێت لە کورتە داستاندا کەسایەتی پەروەردە بکا و ئاڵوگۆڕییەکانی لە درێژەی داستانەکەدا بنوێنێ بەڵام لە گێڕانەوە کورتەکانی عەلائەدین سەجادیدا بە چەند ڕستە کەسایەتیی ژنان وێنا کراون و خۆیان دەرخستووە.

### لە سەر ئاستی ڕاڤەیی

لە سێ بەرگی کتێبی ڕشتەی مرواریی عەلائەدین سەجادیدا کە تایبەتە بە گێڕانەوەکانی ژنان، چەندین چینی ژن لە توێژەکانی کۆمەڵگای کوردیدا هەن؛ کە ڕۆڵ و پێگەیان پێشتر باس کراوە. بەڵام لە ئاستی تەفسیریدا دەتوانین بڵێین دەق و گوتارەکانی نێو دەقەکە خاوەنی مێژوون و باس لە دۆخی ژنان لەو ساتە وەختانەدا دەکەن کە بە هۆی گۆڕانکارییە جیهانییەکان ئاڵوگۆڕی لە ژیان و گوزەرانی ژنانی کوردا بەدی هاتووە. تەنانەت بە هۆی ئەو گۆڕانانەوە وەک هەموو ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان، ژنی زۆرزان، عەیار و تەڵەکەبازیش ئاوێتەی کلتووری ژیانی کوردەواری بووە. ئەم پێشەکییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دەقەکەی بەردەم (بەشێک لە سێ بەرگی کتێبی ڕشتەی مرواری)، دەقێکی داخراو و سەربەست¬کراو نییە، چەمک و دەستە واژەکانی نێو دەق لە پێوەندییەکی شان¬بەشان و ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەق و گوتارە بیانییەکاندا گوڕواون. بە واتایەکی تر ساختی <<بینامتنی>>یان نێوان دەق لە زۆربەی گێڕانەوەکاندا دیاردەیەکی زاڵە و خۆی دەنوێنێت. بۆ وێنە لە داستانی فاتەی قارەماندا، وەک زۆربەی چیرۆک و داستانەکانی وڵاتانی هاوسێ و دەر و جیران، ژنێک کۆتایی بە ستەمکاری، دزی و جەردەیی (خورشە کوێر) دێنێت، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی سەردەم ئەو مڵۆزمەی بۆ دەسبەسەر نەکراوە. لە داستانی بەسێ (ناسراو بە چیرۆکی ئەشکەوتی گەورەی ناوچەی موکریان) و گێڕانەوەی ژمارە ٤٥٨ دا و لە دوو داستانی دیکەی بەرگی دووهەم، لە چوار تایبەتمەندیی ژنانی گەورەی مێژوو (جورج پوپ ، ١٣٨١) بەهرەمەند بوون؛ کە هەم لە بواری جوانچاکیدا شۆخی زەمانی خۆیان بوون و هەمیش لە پاکیدا بەناوبانگ بوون، هەروەها لە ئازایەتیدا وەسەر پیاوانی زەمانی خۆیان سەرکەوتوون و لە عاقڵێتی و بیرمەنددا هاوتایان نەبووە.

ئەم گێڕانەوانەی بەردەست کە بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان کراون، پێوەندی و وێکچوویی لەگەڵ دەقە فێمێنیستییەکانیشدا هەیە. بە بڕوای سیمون

دووبوار لە کتێبی ڕەگەزی دووهەم، بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان، وەک شووکردن و دایکایەتی، ژنانی لە زیندان و دیلایەتیی هەمیشەییدا هێشتووەتەوە و هەبوونی پیاو وەک دۆزەخ و تێکدەری ئازادی و تاک گەرایی ژن دێنێتە ئەژمار(دووبوار، ١٣٨٤-١٧). لە هەندێک لە گێڕانەوەکانی کتێبەکە، ئەم بۆچوونانە خۆ دەردەخەن. بۆ وێنە لە (گێڕانەوەی ژمارە ١٩٧، ل ١٤٠): دوو پیرێژن بوون کە بە کچێنی زۆر ناشیرین بوون کەس نەیدەخواستن.... ڕۆژێ وتیان خۆ ئێمە لەززەتمان لە خۆمان نەدی. کەواتە با پێکەوە خانوویەک بگرین. هەر دووکمان دەست ڕەنگینین.... ئەم ژنانە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر بە دیار شوو کردن و ماڵداری کە نەریتێکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگا پێی قالب کردوون، بە دوو شێوە هەوڵی خۆقوتار کردن لە دونیای پیاوسالاری دەدەن. یەک لە ڕێگای دەست و نەخشی خۆیان ئابووری سەربەخۆیان بێت و دووهەم بێنیاز لە بوونی پیاو، بە کەیفی خۆیان بژین. یان لە (گێڕانەوەی ژمارە ٤٥٨، ل ٣٠٢)، «ژن هەیە و ژنیش هەیە»، کارامەیی و تێگەیشتوویی کچە فەقیران، زۆر وەجاغ و خانەخۆی دەوڵەمەند و زەبەندی لە فەوتان و نەمان ڕزگار کردووە و ژیانێکی نوێی ڕەخساندووە. بەڵام ئەم ڕوانگەیە بە سەر هەمموو گێڕانەوەکاندا حاکم نییە؛ چونکە کەسایەتی ژن لە هەندێک لەو چیرۆکانەدا وەک کەسێکی فێڵباز و زانا دەردەکەوێت کە لەوانەیە ئەمەش هەڵبگەڕێتەوە سەر ئەفسانە و چیرۆکەکانی سەردەمانی پێشوو. بە پێی ئوستورەکان ژن لە بواری بیروهزر و زانایی بە سەر شەیتانیشدا زاڵ بووە. هەروەها زانست و لێهاتوویی ژن پێشینە و مێژوویەکی زیاتری لە پیاو هەیە. ژن توانی بە یارمەتی لێهاتوویی و زانایییەکانی بە سەر شەیتان و خوداکاندا زاڵ بێت. هەر بەو شێوەیەی کە حەوا بە سەر ئادەمدا زاڵ بوو و کوتی دەبێ بە قسەم بکەیت و لەو میوەیە بخۆیت(نوال السعداوی، ١٣٥٩: ل١٩٤) .

سەرەڕای هەموو ئەمانە پیاوان هەرگیز ڕاست¬بێژانە ئوستوورەکان لێک نادەنەوە و باسی جێگەوپێگەی ژن لە سەردەمی پێش ئایینی خواپەرەستی ناکەن. بۆ نمونە لە ئەفسانەی یەس دەڵێن:«کاتێک هوریس توفون دەگرێت و دەیکات بە دیلی خۆی و دەیهێنێتەوە کۆشک، دایکی دەچێت دیلی کوڕەکەی خۆی ڕزگار دەکات و دەڵێ بڕۆ. هورێسیش کە بەمە دەزانێت تانجی پاشایەتی لە دایکی دەگرێت و سەری دەبڕێت و پەیکەرێکی بێ سەری لێ دروست دەکات و جێگای سەرە براوەکە پڕ دەکەنەوە» ئەم ئەفسانەیە دەگەڕێتەوە سەر ئەو قسە و باسەی خەڵک کە دەڵێن ژن بێ مێشکە و سەری هیچی تێدا نییە(فروتن، موارادی، ل ١٩٤).پیاوان لەبەر ئەوەیکە ژنان بکەنە ژێر دەستی خۆیان و بەسەریاندا زاڵ بن دەیانکوت: چونکە ژنان تەواو نین و هەر خەریکی قسە و باسن، مێشکیان تەواو نییە و پێویستە پیاو بە سەریاندا زاڵ بێت. یانی تەنیا لە بەر قازانجی کاری خۆیان ئەفسانەکانیان بەباشی لێک¬نەدەداوە(ستودە، ل ٣١٦).

## لە ئاستی تەبیین یان تەتەڵە کردندا

تەبیین یان تەتەڵە کردن، گوتار وەک کردارێکی کۆمەڵایەتی دەنرخێنێ و پێیوایە هێز و هەژموونی ڕامیاری، کلتووری و کۆمەڵایەتی شوێن لە سەر دەق دادەنێن و لە ساز کردن و شکڵ¬دان بە گوتاردا ڕۆڵ دەگێڕن. لە ڕوانگەی تەبیینەوە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان جڵەوی گوتاریان لە قۆڵدایە و ئایدا و ئایدۆلۆژیی دەسەڵاتی بە ناوچاوانەوە دەلکێنن. بۆ وێنە، بوون و نەبوونی جیاوازیی ڕەگەزی و چۆنییەتیی ڕوانگەی پیاوسالارانە یان باوک سالارانە لە ناو دەقدا بە چ شکڵ و شێوازێک خۆی دەردەخات؟(حدادی و هاواکاران، ١٣٩١: ٣٩). بە گشتی تەبیین یان تەتەڵە کردن، گوتاری زاڵ و دەسەڵاتی حاکم بە سەر دەقەکەدا دەخاتە ڕوو و لێیان دەدوێ .

لەم ڕوانگەیەوە لە زۆربەی گێڕانەوەکاندا کە ژنانی ئاسایی کۆمەڵگان و پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی یان ئیداریان نییە، وەک تاکێکی سەربەخۆ دەرناکەون و زیاتر لە پەناوپەستوێدان و بە هۆی پیاوانەوە دێنە نێو کایە و گۆڕەپانی ژیان. تەنیا ئەو تاقمە نەبێ کە بە هۆی لێهاتوویی و مرخێکی تایبەتەوە، هەوسار ژیانی خۆیان لە دەستدایە. جێی ئامازەیە کە جۆر و چەشنی توانایی و لێهاتوویییەکان ئیکتسابین. یانی ژنان خۆیان لە دەروونی خۆیاندا وەدەستیان هێناوە و هیچ فێرگە و مەکتەبێک ڕای نەهێناون و هیچ مامۆستایەک پەلی نەگرتوون. لە بەشێک لە چیرۆکەکاندا بینەری گوتاری پیاوسالارانەین، بۆ وێنە، لەمانەی کە ژن و بێوەژنی فێڵباز، شەیتان و جادووگەر بوونیان هەیە.

هەر وەک باسمان کرد کۆی گێڕانەوەکانی کتێبی ڕشتەی مرواری عەلائەدین سەجادی٢٤١٢ گێڕانەوە لەخۆ دەگرێت کە لە پێرستی کتێبەکەدا لە سێ بەرگیان [لە بەرگی یەکەم و پێنجەمدا لە ژێر ناوی (هەندێک لە داستانی ژن) و لە بەرگی دووهەمدا لە ژێر ناوی (هەندێک لە قارەمانێتی ژن)] ناوی ژن هاتووە کە ئەمە پێمان دەڵێ ناوەرۆکی داستانەکان ڕوانگەیەکی ڕەگەزی و جنسییەتیان بەسەردا کشاوە. جگە لەوەیکە لە چەندین جێگادا گرفت و کێشەی ژنان لە نەریتی ترین جۆریدا باس دەکات؛ ئەمانە ڕوانگەیەکی ئیدیولۆژێک و نەریتخوازانە نیشانی خوێنەر دەدات. ڕەنگە عەلائەدین سەجادی بە شێوەیەکی ئامانجدار دەستی بە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتووکە نەکردبێت و نەیویستبێت شێوەی ڕوانین و ڕوانگەی سەبارەت بە ژنان بێنێتە ئاراوە بەڵام سەرپاکی گێڕانەوەکانی بە کاراکتێر، وەگێڕ، کات، شوێن و کەسایەتییەوە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای کوردین. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین گوتار و گوفتمانێکی ژنانەی کوردی لە نێو لاپەڕەکانی بەشی ژنانی ڕشتەی مرواری لە ئارادایە. پێویستە ئەمەش بگوترێ ڕەنگە عەلائەدین سەجادی وەک کۆکەر و گردوکۆی ئەم بەرهەمە هیچ کات ئەوەی بەلاوە گرینگ نەبووبێت کە توێژەران و لێکۆڵەران چی لەبارەی دەستاو و دەست¬پووختەکەی دەڵێن و بە سەر کام ڕوانگە و بیرۆکەیدا دەخەن. ئەوە ئەرکی توێژەرە کە لایەنە شاراوە و نادیارەکانی نێو بەرهەمەکانی وەدەرخەن و هەڵگێڕ و وەرگێڕی بکەن.

## ئاکام و دەرئەنجام

گوتار شیکاریی کتێبی ڕشتەی مرواریی عەلائەدین سەجادی چەند دەرئەنجامی گرینگی هەیە. لە ئاستی وەسفیدا ئەو ڕۆڵ و دەورانەی کە بە ژن دراوە بریتین لە: دایک، ژنی ماڵ، کابان و کارگێڕی ماڵ، ئاغاژن، قارەمان و پاڵەوانیی سەرەکیی مەیدان. لە بواری کاسایەتیدا وەک کەسایەتیی بیرمەند، وەفادار، زۆرزان و عەیار، لە هەندێ شوێن تەڵەکەباز و بێوەفا و بێبەقا وەدەرکەوتوون. بەڵام زۆربەی دەورەکان بە لای کەسایەتیی ئەرێنی¬دان نەک کەسایەتی و ڕۆڵی نەرێنی. لە بواری ئاراستەی گێڕانەوەدا: بەگشتی چیرۆکەکان لە زمانی وەگێڕەوە باس دەکرێت، جگە لە هەندێک شوێن کە ژنە¬کە خۆی دێتە زمان و یەک دوو ڕستە قسە دەکات. بەڵام لەو سێ چیرۆکەی کە باسی قارەمانێتیی ژنان دەکرێت، دیالۆگی ژنەکان لەگەڵ

کاراکتێرەکانی دیکەی داستانەکەدا بە دوور و درێژی دەبینرێت. هەر وەک باسکرا ئەم دەقەش لە چوارچێوەی گوتارە زاڵەکانی سەردەمی خۆیدا شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و لە پێوەندی لەگەڵ دەق و بەرهەمەکانی پێش خۆی هەڵدەسەنگێندرێ. بە واتایەکی¬تر ساختی نێوان دەق بە ئاشکرا دەبیندرێت .

ئاکامی لێکۆڵینەوەکە بە مێتۆدی گوتار شیکاری ئەوەمان بۆ دەردەخاتکە گۆڕەپانێکی هەراوی گوفتمانی یان گوتاری بە سەر کۆی گێرانەوەکاندا بوونی هەیە و بە سێ شێوە ڕەنگ¬ڕێژ کراوە. یەکەم ڕەنگێک کە بە ڕوونی خۆی دەنوێنێت، گوتاری هەژموونی پیاو سالارانەیە کە لەگەڵ ڕەنگی دووهەم یانی گوتاری زاڵی فمنیستی لە بەربەرەکانێدان. بە گشتی دەتوانین بڵێین لەو بەشەی کتێبی ڕشتەی مرواریی عەلائەدین سەجادیدا کە تایبەتە بە ژنان کەشێکی یەکدەست یان تاقمێکی مامناوەند لە ژنان بەدی ناکرێت، بەڵکوو بەلانی کەمەوە سێ گرووپ لەخۆ دەگرێت .

یەکەمیان، ژنانی نەریت خوازن کە جگە لە کابانێتی و ئەرکی ژنانەی خۆیان کارێکی ئەوتۆ ناکەن و خۆیان لە کاروباری کۆمەڵایەتی هەڵناقورتێنن. دەستەی دووهەم، گرووپێک لە ژنانن کە بارودۆخەکەیان بۆ قەبووڵ نەکراوە و نەشیان توانیوە لە ئامراز و ساز و کاری سەردەم کەڵک وەرگرن، هەر بۆیە لە ڕێگای مێشکیانەوە جا بە شێوەی فێڵ و تەڵەکە، یان دەسەڵاتی ئاغاژنێتی، مافی خۆیان وەرگرتووە یان بۆیان کرابێت گورزی خۆیان وەشاندووە. تاقمی سێهەم، ئەو ژنانەن کە جوامێرانە و بە بێ گوێدانە نۆرمە باوەکانی سەردەم بەرەنگاریی زوڵم و سەرەڕۆیی پیاوان و کۆمەڵگا بوونەتەوە و تەواوی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانیان تێکشکاندووە. لە بنەڕەتدا هۆی دژوازیان لەگەڵ گرووپی یەکەم، پێخوست کردنی دەسەڵاتی پیاوسالارییە و لابردنی پەرژینی ڕەگەزییە و هەروەها جیاوازیان لەگەڵ گرووپی دووهەمیش بەرخۆدان و بەرەنگاری بە ئامرازی پیاوانەیە. واتە بۆ شکاندنی بەربەستەکانی بەردەمیان چووونەتە قالبی پیاوانەوە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ژنانی ناو ئەم گێڕانەوانە لە ملمانێیەکی چڕدان بۆ بەدەستەوە گرتنی باری ژیان و چارەنووسی خۆیان.

## سەرچاوەکان

### کوردی


١. ئۆجەلان عەبدوڵلا. (٢٠٠٣). ڕاستینەی نەتەوایەتیمان لەگەڵ ڕاستینەی ژن و ژیان هەڵدەسەنگێنێت،

٢. ئەسعەد،ڕاز(٢٠٢١). میرزا مەنگوڕی و مێژووی ژن، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

٣. حەمە ڕەشید، هاوژین (٢٠١٠). ژن لە جیهانی ئەدەبی شێرزاد حەسەندا، کوردستان، چاپی یەکەم.

٤. سەجادی، عەلائەدین (١٣٩٦). رشتەی مرواری. پێداچوونەوە و هەڵەبژێری (تصحیح) ناسیح فەتاحی و عەبدوڵلا فاتیحی کەرجۆ. سنە. بڵاوکراوەی کوردستان. ١٢١٦ لاپەڕە.

٥. شێبلی ئێلێری (٢٠٠٧). سەد ژنی کاریگەر لە مێژوودا، وەرگێر فەقیهی یووسف، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران

٦. مۆلێر ئۆکێن، سۆزان( ٢٠٠٨). ژن لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا، وەرگێر سوڵتانی، ڕەسوڵ. چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی.


### فارسی


١. آقاگل زاده، فردوس و غیاثیان، مریم سادات(١٣٨٦)، «رویکردهای غالب در تحلیل گفتمان انتقادی»، مجله زبان و زبان شناسی، شماره ٥: ٣٩-٥٤.

٢. آقاگل¬زاده، فردوس(١٣٨٥) . تحلیل گفتمان انتقادی. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی. چاپ اول.

٣. اقبالی، مهدی؛ آبادی، مهدی (١٣٨٧). زنان در تاریخ کهن ایران، نشر پردیسان،چاپ اول.

٤. انگلس، فردریک؛ زتکین، کلارا، کولنتای، الکساندر، ربد، ئولین (١٣٨١). زنان در جامعه، ترجمه مهدی زادگان، اصغر. نشر نگاه .

٥. ایلسه، سیبرت. (١٣٧٩). زن در شرق باستان. ترجمه رقیه بهزادی، انتشارات پژوهنده.

٦. ببل، اگوست.(١٣٨٦) زن و سوسیالیزم. دفتر یازدهم. نشریه نگاه.

٧. پرین، لورانس (١٣٨٠). ادبیات داستانی ساختار، صدا و معنی. ترجمه سلیمانی، حسن ، اسماعیل زاده، فهیمه. نشر رهنما، چاپ دوم.

٨. تقی رفیعی، محمد؛ دباغی، مجید.(١٣٩٣). جهانی شدن و حقوق زنان؛ فرصتها و چالش ها، فصلنامه مطالعات راهبردی جهانی شدن، سال پنجم، شمارەی چهاردهم.

٩. جورج پوپ (١٣٨١). زنان بزرگ تاریخ. مترجم عفت شیرزادی. ویراستار: میرمحمدباقر حسینیخاتونآبادی. تهران انتشارات:موج. تعداد صفحات ٣١٢

١٠. خراسانی، م (١٣٨٠). زبان زنان، مجله گلستانه. شماره پنجاه پنج.

١١. داریوش، عابدی (١٣٧٧). پلی بەسوی داستان نویسی، چاپ سوم، نشر مدرسه.

١٢. دوبوار، سیمون (١٣٨٤). جنس دوم. ٢ جلد. ترجمه قاسم صفوی. تهران: توسل.

١٣. زبیح نیا عمران، آسیه؛ بردخونی، حسین.( ١٣٩٢). تاریخ ادبیات کودک و نوجوان در ایران. بوستان کتاب.

١٤. ستوده،سیامک (٢٠٠٨). زن و سکس در تاریخ ج.اول، چاپ ٥، زیرزمینی در ایران.

١٥. سوزان مولر آکین (١٣٩٧). زن از دیگاه فلسفه سیاسی غرب، ، ترجمه: ن.نوری زاده، انتشارات روشنگران و مطالعات زنان.

١٦. شاهنده، نوشین (١٣٨٢)، زن در تفکر نیچه، تهران. نشر قصیدەسرا. ترجمه. ملیحه مغازەای.

١٧. فرکلاف، نورمن. (١٣٧٩) تحلیل انتقادی گفتمان. ترجمه فاطمه شایسته پیران. تهران: مرکز مطالعات و تحقیقات رسانه¬ها.

١٨. کردی، ابوعلی. منتدى إقرأ الثقافي: منتدى ثقافي للكتب باللغات الكوردية، العربية، الفارسية و الإنجليزية https://iqra.ahlamontada.com/t3873-topic

١٩. كولايى،الهه (١٣٨٦). زنان ايرانى پس از اصلاحات، آيين: آذر ١٣٨٦ شماره ٩.

٢٠. گيتس، مليندا (١٣٩٩). لحظهى صعود توانمندسازى زنان چگونه دنيا را متحول مىكنند، ترجمه. محمد صداقتى جهرمى، انتشارات كولهپشتى.

٢١. مولر آكين، سوزان(١٣٨٣). زن از ديگاه فلسفه سياسى غرب. ترجمه: ن.نورى زاده، انتشارات روشنگران و مطالعات زنان.

٢٢. ميرفخرايى، ت. (١٣٨٣).فرايند تحليل¬گفتمان. تهران: مركز مطالعات و تحقيقات رسانه¬ها.

٢٣. مرنيسى، فاطمه (١٣٨٠). زنان پردهنشين و نخبگان جوشن پوش، تهران، نشر نى.

٢٤. ناهيد،عبدالحسين. (١٣٦٠). زنان ايران در جنبش مشروطه، نشر احيا، تبريز.

٢٥. نوال السعداوى (١٣٥٩).چهره عريان زن عرب: ، ترجمه: مجيد فروتن- رحيم مرادى، چاپ اول، انتشارات روزبهان

٢٦. يورگنسن، ماريان و لويز فيليپس. (١٣٩٤) نظريه و روش در تحليل گفتمان. ترجم هادى جليلى. تهران: نى.



## ملخص

### ظهور المرأة و تعريفها وفق منهج تحليل الخطاب في كتاب رشتەي مرواري لعلاء الدين سجادي

حسب التفسيرات، لعبت المرأة دورًا مهمًا وهامًا في المجتمع، وكان هناك الكثير من الجدل حول الوضع الاجتماعي و الشخصي للمرأة و قد أدى ذلك إلى العديد من الدراسات العلمية والتحليلية. في هذا المقال نريد تفسير طريقة ظهور النساء وتعريف أنفسهن في كتاب علاء الدين سجادي " رشتەي مرواري " وفق منهج تحليل الخطاب .

طريقة الدراسة في هذه الورقة هي تحليل الخطاب أو تحليل خطاب نورمان فايركلاف هي الطريقة الأكثر شيوعًا لدراسة هذه الأنواع من النصوص. حدد فايركلاف ثلاثة مستويات للخطاب لتحليل النص. هذه هي: المستوى الوصفي والمستوى التفسيري والمستوى التفسيري. يتم تقييم هذه الأقسام الثلاثة من رشتەي مرواري على جميع المستويات الثلاثة. إجمالي عدد الروايات في كتاب علاء الدين سجدي يحتوي على ٢٤١٢ رواية. ثلاثة من المجلدات بعنوان النساء والروايات مخصصة للنساء. يحتوي المجلد ١ على ٢٠، و يحتوي المجلد ٢ على ٤ و يحتوي المجلد ٣ على ١٦ سردًا. و فقًا لذلك ، تم تحليل ٤٠ سردًا في شكل اختيارات مكتبة.

تظهر نتائج البحث أنه في المجلد الأول ، تلعب النساء بشكل غير مباشر دور المديرين وربات البيوت في ١٩ قصة وفي إحداها يتم تعريفهن بالسيدة. في المجلد الثاني ، المرأة هي البطل الرئيسي لأربع روايات وتلعب دور أخت وربة منزل ذكية ؛ في المجلد الثالث، هي مديرة ومدبرة منزل بشكل غير مباشر في ١٠ روايات ، خمسة منها تعطيها مباشرة دور المديرة ومدبرة المنزل و في إحداها تُدعى نبيلة.

بشكل عام، تبدو النساء في هذه الروايات رخيصة الثمن و ماكرة و ماكرة، رغم أن معظمهن نساء عاديات ولا يتمتعن بمكانة اجتماعية عالية، لكنهن مع ذلك يحاولن النجاح في قضاياهن الاجتماعية و الاقتصادية. في معظم الروايات، يكون للمرأة حضور مستقل في النصوص و هي مشاهدة للخطاب الأنثوي.



**الكلمات المفتاحية:** المرأة ، دور المرأة ، رشتەي مرواري ، علاء الدين سجادي ، تحليل الخطاب



## Abstract

### The Appearance and Definition of Women According to the Method of Discourse Analysis in Book of Rshtay Mrwari by AlaeddinSajadi

According to the interpretations, women have played a significant and important role in society and there has been a lot of debate about the social and personal status of women. This has led to many scientific and analytical studies. In this article, we want to interpret the way women appear and define themselves in AlaeddinSajadi's book Rshtay Mrwari according to the method of discourse analysis.

The method of study in this paper is discourse analysis or Norman FairCloagh's discourse analysis, which is the most common method of studying these types of texts. The FairCloagh has identified three discourse levels for text analysis. These are: the descriptive level, the interpretive level and the interpretive level. These three sections of the Rshtay Mrwari are assessed at all three levels. The total number of narratives in AlaeddinSajadi's book contains 2,412 narratives; three of the volumes are titled by women and the narratives are dedicated to women. Volume 1 contains 20, Volume 2 contains 4 and Volume 3 contains 16 narratives. Accordingly, 40 narratives were analyzed in the form of library selections.

The results of the research show that in the first volume, women indirectly play the role of managers and housewives in 19 narratives and in one of them they are defined as mistress. In the second volume, the woman is the main protagonist of four narratives and plays the role of a sister and a clever housewife; in the third volume, she is indirectly the manager and housekeeper in 10 narratives, five of them directly give her the role of manager and housekeeper, and in one of them she is called a noblewoman.

In general, women in these narratives appear as cheap, cunning and cunning people who, although most of them are ordinary women and do not have a high social status, but nevertheless try to succeed in their social and economic causes. In most of the narratives, women have an independent presence in the texts and are viewers of feminine discourse.



Keywords: Women, Women's Role, Rshtay Mrwari, AlaeddinSajadi, Discourse Analysis